### دیدارێك لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان

# فەلەکەدین کاکەیی: جاران بۆ دیعایەی فلان حزب کارمان دەکرد، ئێستا دەبێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کورد و لەپێناو میللەتی کورددا ئیش بکەین

سازدانی: دەشتی شێخانی

پ. پێشەکی دەمانەوێت باس لە بەرنامەی کاری وەزارەتەکەتانمان بۆ بکەیت، بۆ ئەوەی بیکەین بە دەستپێکی دیدارەکەمان، چونکە بەڕێزتان بۆ دووەمین جارە هەمان پۆستی ڕۆشنبیری وەردەگرن، هەروەها دەمانەوێت بزانین کاک فەلەکەدین وەکو ڕۆشنبیرێک چۆن سەیری ئەرکی داهاتووی ڕۆشنبیری دەکات؟

و. خۆی بەرنامەی ڕۆشنبیری سێ لایەنی هەیە، بەرنامەی هەمیشەیی کە پەیوەندی بە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، ئەویش بەو یاسایە دیاری کراوە کە پەرلەمانی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢دا پەسندی کردووە. ئەرکی وەزارەتەکەی دەستنیشان کردووە. ئەو یاسا هەمیشەییە بایەخێکی زۆری داوە بە زمان و کەلەپوور و شانۆ و ئەدەبیاتی کوردی و ڕۆشنبیریی منداڵان. ئەمانە هێڵی گشتیی بەرنامەکەیە کە وەزارەت بەپێی یاساکەی دەبێت بەڕێوەی ببات.
بەرنامەی ترمان بەرنامەی مامناوەندییە، واتە ئەو کابینەی ئێستا دامەزراوە چی دەکات لە ماوەی حوکمڕانیی خۆیدا، هەڵبەت ئەویش پەیوەستە بە ئیمکانیاتی حکوومەتەکە و بەپێی ئەو نەخشە و پلانی بۆ دادەنێین. ئێمە لە ئێستاوە خەریکی دانانی بەرنامەیەکین بۆ ساڵی ئایندە ٢٠٠٧ بۆ دانانی ژێرخانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، واتە بینای وەزارەت و دامەزراندنی هۆڵی شانۆ و هۆڵی شێوەکاری و مۆسیقا و کتێبخانەی گشتی و منداڵان و دروستکردنی کۆشکی هونەر لە هەموو شارەکاندا، ئەمانە بەگشتی ژێرخانی ڕۆشنبیری دادەمەزرێنن. کاتێک توانیمان ئەو ژێرخانە دامەزرێنین، ئەوکات دەتوانین هەلیش بڕەخسێنین بۆ هونەرمەند و نووسەر و شانۆکار و ئەوانی تریش



فەلەکەدین کاکەیی

بۆ ئەوەی بتوانن کارەکانی خۆیان بکەن و بەرهەم پێشکەش بکەن. تا ئەوە نەکەین پێم وایە هەموو شتەکانمان لە چوارچێوەی تیۆریدا دەمێننەوە.
ئێمە لێرەوە تا کۆتایی ساڵ و لەوانەیە بەشێکی ساڵی داهاتووش خەریکی ئەوە دەبین ئەو ژێرخانە ڕۆشنبیرییە دانێین، چونکە زۆربەی بینا و هۆڵەکانمان کۆنن، یا هەر کەڵکی پێشکەشکردنی بەرهەمی هونەری و چالاکیی ڕۆشنبیریان نییە، یا هەندێکیان چاک بکەینەوە، من پێم وایە ئێستا میللەتی ئێمە بووەتە خاوەن ئەرز و ئاسمانی خۆی و ئازادی تەواوی هەیە، بۆیە پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە ئێمە هەوڵ بدەین بەرنامەیەکی درێژخایەن دابڕێژین بۆ ئاییندەی خۆمان.
ئێمە لە وەزارەت و بگرە لە هەموو وەزارەتەکانی کابینەی پێنجەمدا کار بۆ ئەوە ناکەین بەرنامەی ساڵ و دوو ساڵ داڕێژین، بەڵکو کار بۆ بەرنامەی درێژخایەن دەکەین، کە ببێتە بناغەیەک بۆ پەنجا یا سەد ساڵی داهاتوو. لەبەرئەوە دەبێت شتەکانمان تۆکمە بن نەک پینەوپەڕۆ، جاران لەبەر زرووفی سیاسی و ئیمکانیات هەموو شتەکانمان کاتی بوون وەکو تەعمیرکردن، ئێستا ئەو قۆناغە بە سەر چوو و هاتووینەتە سەر قۆناغێکی نوێ کە دەبێت شتەکانمان درێژخایەن بن لە هەموو بوارەکاندا.
جگە لەوەش بەرنامەی ڕۆژانەی وەزارەتمان هەیە وەکو بۆنەکانی کردنەوەی پێشانگایەک یا فێستیڤاڵێک، یا یادکردنەوەی بۆنەکان، یا بینینی هونەرمەند و ڕۆشنبیرانی دەرەوە و ناوەوە. ئێستا ئێمە خەریکی ناردنی چەندین تیپی مۆسیقا و شانۆ و هی ترین بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ناساندنی کەلەپووری کوردی بە جیهانی دەرەوە، تائێستا چەندین وەفدمان ناردووە بۆ میسر و لوبنان و ئەڵمانیا.
ئێمە بایەخێکی زۆر دەدەین بە ئاڵوگۆری وەفدەکانمان لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، کە ئەوە شتێکی تازەیە. ئێستا وەزارەتی ڕۆشنبیری یەکەم جارە ئەرکێکی تازەی هاتۆتە پێش، ئەویش ئەرکی پەیوەندی دەرەوەیە، بۆ یەکەم جارە وەزارەتی ڕۆشنبیری خەریکی دامەزراندنی پەیوەندی دووقۆڵییە لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا، تائێستا لەگەڵ ١٦ دەوڵەت ئەو پەیوەندییە دامەزراوە، بە شێوەی فەرمی پرۆتوکۆڵمان لەگەڵیان ئیمزا کردووە

بۆ ئاڵوگۆڕی تیپی مۆسیقا و شانۆ و هونەری میللی. ئەمە شتێکی تازەیە لە ئەرکەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بۆیە بەڕێوەبەرایەتییەکی تازەمان دامەزراندووە لەناو وەزارت بە ناوی بەڕێوەبەرایەتیی پەیوەندییەکانی دەرەوە. لە ڕێگای ئەو بەڕێوەیەراتییەوە چاومان بە چەندین وەفدی دنیا کەوتووە کە هاتوونەتە کوردستان، وەکو وەفدەکانی فەرەنسا و چیک و نەمسا و ئەڵمانیا، لەم ڕۆژانەش ڕاوێژکاری سیاسیی سەرۆکی دەوڵەتی یەمەن بە تەلەفون قسەی لەگەڵ کردین و دەعوەتنامەی ئاراستەی ئێمە کرد بۆ سەردانی ئەو وڵاتە و بینینی وەزیری ڕۆشنبیرییان. لە لوبنان و کەنەدا و ڕوسیا و فەرەنساش دەعوتنامەمان بۆ هاتووە. بۆیە ئێستا ئەوە ئەرکێکی تازەی وەزارەتە کە پەیوەندی کورد بە جیهانی دەرەوە پتەوتر بکەین لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە. ئێمە لەو پەیوەندییانە قازانجێکی زۆر دەکەین، هەڵبەت ئەوە دەبێتە فرسەتێکی باش بۆ ناساندنی هونەر و ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی بە جیهانی دەرەوە هەرچەندە پێشتر زۆربەی گەلانی دنیا تا ئاستێک شارەزای بووبوون، بەڵام پێم وایە لەسەر ئاستی پێویست نەبوو، لە لایەکی ترەوەش وەفدی هونەری و ڕۆشنبیریی وڵاتان کە دێنە ئێرە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونەکانی ئێمە سوودیان لێ وەردەگرین. ماوەیەک لەمەوبەر وەفدێکی ١٨ کەسی لە شانۆکارانمان نارده وڵاتی میسر و ماوەیەک لەوێ مانەوە کە هاتنەوە پرۆتوکۆڵی ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیریمان لەگەڵ میسری لێ کەوتەوە.

لە لایەکی تریشەوە بەپێی بەرنامەکەمان هەوڵێکی زۆر دەدەین بۆ چاکسازی لە بواری شوێنەواریدا، هەرچەندە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە سەر بە ئێمە نییە بەتەواوی، بەڵام لایەنە ڕۆشنبیرییەکەی پەیوەستە بە وەزارەتی ئێمەوە. تائێستا چەند پرۆتۆکۆڵی هاوکاریمان مۆر کردووە لەو بوارەدا، یەکێکیان لەگەڵ پرۆفیسۆرێکی ئیتالیاییە کە خەریکی دۆزینەوەیە لە «پەیکوول» کە ناوچەیەکی شوێنەوارییە لە دەربەندیخان، هەروەها لەگەڵ وەفدی چیکی ڕێک کەوتین کە کار بکەن بۆ ڕاستکردنەوەی «منارەی چولی» لە هەولێر کە ئێستا چەند سانتیمەتریک چەمیوەتەوە، هاتن بە فەرمی پرۆتۆکۆڵمان لەگەڵیان ئیمزا کرد



**... زۆر خۆشحاڵم بەو کادیر و فەرمانبەرانە کە لە سلێمانییەوە هاتوونەتە ئێرە و بە گیانی یەک گرووپ ئیش دەکەن...**

تا ئەو کارەمان بۆ بکەن.
بەهەرحاڵ ئەم ئەرکانە هەمووی تازەن لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کە ئێستا وەکو وەزارەتی دەوڵەتێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، جگە لە ئەرکە ڕۆشنبیرییەکانی تری سیاسی و دیپلۆماسیش.

پ. ئەو ئەرکانەی لە بەرنامەکەدا دەستنیشان کراون، هەندێکیان دەبێت وەزارتی دەوڵەت بەڕێوەی ببات، ئێوە لە ڕووی کرانەوەتان بەرەو دنیای دەرەوە هەنگاوی باشتان ناوە، بەڵام ئایا ئەو هەنگاوانە مەترسی نەخستۆتە نێوەندە عەرەبییەکەی بەغداوە کە هەمیشە کورد بەوە تاوانبار دەکەن گوایە دەیانەوێت لە عیراق جیا ببنەوە؟
و. ئێمە دەمانەوێت کەلەپووری کوردی بە هەموو دنیا بناسێنین، ڕەنگە لە ساڵی داهاتوودا، واتە ٢٠٠٧، فێستیڤاڵی کەلەپووری کوردی لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا بکەینەوە. ئەوە دەرفەتێکی گەورەیە بۆ ئێمە کە هەوڵ بدەین ئەو کەلەپوورە دەوڵەمەندەی خۆمان بە دنیا بناسێنین، چونکە لایەنێکی زۆر بچووکی بە دنیای دەرەوە ناسراوە. هەرچەندە ماوەی کابینەکەش کورتە، بەڵام ئێمە لایەنی کەلەپوورمان کردۆتە ئەرکی ئەساسیی وەزارەتەکەمان. بەتایبەتیش زیندووکردنەوەی گۆرانیی کەلەپوور، بۆیە ئێستا خەریکی سازکردنی دوو فێستیڤاڵی گەورەین یەکیان بۆ مەقامبێژانی کەرکووک، ئەوی تریش بۆ کەلەپووری ناوچەی خانەقی کە ئەوانیش کەلەپوورێکی ڕەسەنی تایبەتیان بە خۆیان هەیە کە دەبێت بیپارێزین.

پ. ئەی سەبارەت بە نەتەوەکانی تری کوردستان؟
و. ئێمە بایەخ بە کەلەپووری نەتەوەکانی تریش دەدەین، ئێستا لە وەزارەت دوو بەڕێوەبەرایەتیمان هەیە، یەکێکیان بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی تورکمانە، ئەوی تریش بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی ئاشوورییە، هەم گۆڤار دەردەکەن، هەم یارمەتییان دەدەین لە بۆنە و چالاکییەکانیاندا، ئێمە خەریکین هەموو تورکمانەکانی عیراق لە هەولێر کۆ بکەینەوە بۆ ئەوەی ئاهەنگێک یا فێستیڤاڵێک بۆ خۆیان بگێڕن.
هەروەها ئاشوورییەکانیش. ئێمە پێمان خۆشە هاوکاری هەموو لایەک بکەین.
پ. ئەی لە بارەی ڕۆشنبیری منداڵانەوە چیتان بە دەستەوەیە، بە تایبەت کە ئەوان ڕۆڵەی داهاتووی میللەتن، پێویستە بە

فیکر و ڕۆشنبیریی مۆدێرنەوە پەروەردە بکرێن؟

و. ئێمە پەیوەندیمان بە هەندێ ڕێکخراوی یو ئێن کردووە وەکو یونسییف کە دەیانەوێت بایەخ بە ڕۆشنبیریی

بووم، بە بەراورد لەگەڵ ئەوکات ئێستا ئەرکەکە گەورەتر بووە بەڵام لە ڕووی ئیمکانیات و وەزعەکەش باشترە، لە ڕووی مادی و لە ڕووی چەسپاندنی مافە ڕەواکانمان لە دەستووری عیراقدا،

هەیە و توانا و ئیمکانیاتی باشیش پەیدا بووە، دڵنیام لەوەش باشتر دەبێت، ئێستا ئێمە خاوەنی دەوڵەتین، خاوەن ئەرز و ئاسمانی خۆمانین، دەتوانین بەهێمنی هەنگاو بەرەو شتی باش و چاک بنێین، نەک بۆ شتی سادە و ساکار و بۆ پروپاگەندە، بەڵکو بۆ شتی درێژخایەن. جاران بۆ دیعایەی فلان حزب کارمان دەکرد، ئێستا دەبێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کورد و لەپێناو میللەتی کورددا ئیش بکەین، ئێستا هەلێکی باش هەیە توانا و بەهرەکانمان بخەینە گەڕ بۆ ئاییندەی گەلەکەمان. دووبارەی دەکەمەوە ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین پایەی دەوڵەتێکی کوردی دامەزرێنین، بۆیە کە ئێستا ئیش دەکەین دەبێت بە گیانێکی تر بێت، بۆ نموونە ئەگەر ویستمان کتێبخانەیەک دروست بکەین، جا ئەگەر بچووکیش بێت، دەبێت حیسابی پەنجا ساڵی دوای ئەمڕۆمانی بۆ بکەین، هەوڵ بدەین لە هەر قەزایەک کتێبخانەیەکی گشتی هەبێت. لە شارەکانیش دەبێت ژمارەیان زۆرتر بکەین.



فەلەکەدین کاکەیی

**... ئێستا ئێمە خاوەنی دەوڵەتین، خاوەنی ئەرز و ئاسمانی خۆمانین، دەتوانین بەهێمنی هەنگاو بەرەو شتی باش و چاک بنێین...**

منالان بدەن، هەڵبەت ئێمە ئەرکی سەرەکییمان بایەخدانە بە ڕۆشنبیری منالان، خەریکین بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیریی منالان دامەزرێنین وەکو دەستگایەک. ئێمە زۆر شتمان بە دەستەوەیە بۆ پێشخستنی ڕۆشنبیریی منالان، بۆ نموونە ئێستا لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی هەرێم ڕێک کەوتووین کە گۆڤاری منالان کە دەردەچێت، تیراژەکەی زیاد بکەین لە ٣ هەزار دانەوە بۆ ٣٠ هەزار دانە و دابەشیان بکەین بەسەر مەکتەبەکاندا، هەوڵیش دەدەین گۆڤارەکانی تری منالان چی ئەوانەی لە سلێمانی و دهۆکیش دەردەچن هاوکارییان بکەین.

پ. ئێوە باسی بەرنامەیەکی هەمەلایەنی گەورە دەکەن، پێتان وایە یەکبوونی هەردوو ئیدارەکە لەو وەختەدا یارمەتیی ئێوەی دابێت بۆ ئەوەی ئەو بەرنامە گەورەیە جێبەجێ بکەن؟

و. من کاتی خۆیشی وەزیری ڕۆشنبیری

جگە لەوەش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە کارەکانمانی ئاسانتر و خۆشتر کردووە بەوەی هەرچی کۆسپێک هەبوو پێشتر ئێستا نەماون. زۆر خۆشحاڵم بەو کادیر و فەرمانبەرانە کە لە سلێمانییەوە هاتوونەتە ئێرە و بە گیانی یەک گرووپ ئیش دەکەن، دەبێت لەوەش بگەین کە ئەو کادیرانە ماوەی ١٥ ساڵ ئەزموونێکی باشیان هەبووە و تواناکانیان باش چۆتە پێش، هەڵبەت سوودێکی زۆریان لێ وەردەگرین. لە هەردوو ئیدارە بەڕێوەبەری گشتی زۆر بە توانا هەبوون، پێم وایە توانای هەردوو لا بخەینە سەر یەک شتێکی باشی لێ دەردەچێت. ئێمە لە ساڵانی سەرەتای نەوەدەکاناندا تاقیکردنەوەمان زۆر کەم بوو، شارەزاییەکی باشمان لە کاری سیاسی و حزبی و عەسکەری و خەباتی شاخدا هەبوو، بەڵام تاقیکردنەوەی ئیداریمان زۆر کەم بوو، ئێستا وا نییە، تاقیکرنەوەیەکی باش

پ. بەڕێزتان کاتی خۆیشی وەزیر بوون ئێستاش بە دیدگایەکی تازە و لە وەزعێکی لەبارتردا پۆستەکە وەردەگرنەوە، ئێوە باستان لە دامەزراندنی ژێرخانی ڕۆشنبیری کرد، ماوەیەک لەمەوپێش لە هەنگاوێکی تازەدا تەلەفزیۆنی هەرێمتان داخست، دەتوانین ئەو هەنگاوەی ئێوە وا لە قەڵەم بدەین کە ئەوە سیاسەتێکی تازەیە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و حکوومەتی هەرێمدا بۆ کرانەوە بە ڕووی ڕاگەیاندنی ئازاددا، وەکو ڕێگەدان بە کۆمپانیای ئەهلی بۆ هاتنە ناو بۆتەی کاری ڕاگەیاندنەوە؟

و. بێگومان کاتی خۆی کە وەزیر بووم کوردستان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە ئابلۆقە درابوو، ئابلۆقەی نیو دەوڵەتیش هەبوو، وەزعی میللەتەکەمان زۆر خراپ بوو، دوای دوو ساڵ لە بوونمان بە وەزیر بڕیاری ٩٨٦ هاتە پێش نەختێ وەزعی ئابووری خەڵک باشتر بوو، دووەمیش ئەو ململانێیەی کە زۆرجار بە ناڕەواش دەکرا لەنێوان حزبەکانمان، ئەویش کۆسپێک بوو لە ڕێگامان، ئەو کاتە وەزعی سیاسی و ئابووری ڕێگەی لە بیرکردنەوەشمان دەگرت، ئێستا ئەوە بە تەواوی گۆڕاوە و لە هەموو ڕوویەکەوە وەزعەکە بە ئیجابی دەڕوات. دەربارەی ڕاگەیاندن هەر لە ساڵی ٩٢ من سەرۆکی

لیژنەی ڕۆشنبیری بووم لە پەرلەمان، ئەوکات یاسای وەزارەت دانرا من خۆم سەرۆکی لیژنەکە بووم، هەر ئەوکاتیش یاسای چاپەمەنی دەنووسرایەوە، هەر لە سەرەتاوە من دوو شتم داوا کرد لەو یاسایەدا هەبێت، یەکەم ئەوەیە کە سانسۆر نەبێت، ئەوە چەسپا لە یاساکەدا، دووەمیش ئەوە بوو کە من وتم تەنانەت مۆڵەتدانیش بە دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان پێویست نییە و نابێت لە یاساکەدا فەرز بکرێت، بەڵام لە کاتی دەنگداندا ئەو داوایەی من سەری نەگرت. من ڕام وابوو دەستگایەگ مۆڵەت بدات هەر خۆیشی دەتوانی مۆڵەتەکە بسەنێتەوە، من پێم وابوو با ڕۆژنامە دەرچن بە ئازادی هەر کاتێک شتێکی تیا بوو با لە ڕێگای یاسا و دادگاوە لێی بکۆڵرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا سانسۆر هەیە ئەویش سانسۆری کۆمەڵە، تۆ دەبێت ڕێز لەو شتانە بگریت کە لای کۆمەڵ حیسابیان بۆ دەکرێت، وەکو مەسەلەی ئاینی و هەندێ مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەوانە بوونە عورف و عادات ئەگەرچی نەنوسراونەتەوەش بەڵام وەکو سانسۆرێک بوونیان هەیە لە واقیعدا، سانسۆرێکی تریش هەیە ئەویش سانسۆری حزبەکانە بەسەر ڕۆژنامەکانیانەوە، هەندێ جار نووسەر خۆیشی ڕۆڵی سانسۆر دەگێڕێت، واتە دەڵێت با وا نەنووسم خەڵکم لێ زویر بێت، بەهەرحال سانسۆر هەیە، بەڵام ئەو سانسۆرەی لە وڵاتانی دیکتاتورەکاندا هەیە ئێمە هەڵمانگرتووە و نەماوە. من هەر لەسەرەتاوە پێم وابوو کە حکومەت نابێت ڕاگەیاندنی هەبێت، بۆیە لەو کاتەوە وتمان نابێت ڕاگەیاندن بلکێنرێت بە ناوی وەزارتی ڕوشنبیرییەوە، هەڵبەت لەو ساڵانەی پێشوودا کە وەفدی بیانی دەهاتن زۆریان پێ خۆش بوو وەزارەتی ڕاگەیاندمان نییە و هەڵمانوەشاندۆتەوە. بەڵام لەناو تەشکیلاتی وەزارەتی ڕۆشنبیریدا بەپێی یاساکەی وەزارەت دەقێک هەیە کە دەبێت وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەراتییەکی هەبێت بە ناوی ڕاگەیاندن، ئەویش سەرپەرشتیی ڕادیو و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و ئاژانسێکی هەواڵ بکات، هەرچەندە من پێم خۆش نەبوو ڕادیۆ و تەلەفزیۆنمان هەبێت بەڵام ئێستا هەمانە، ئەگەرچی لە ڕووی تەکنیکی و پەخشەوە زۆر لاوازن، بەڵام هەن. ئێمە دەبێت ئەو ڕادیۆ و تەلەفزیۆنانە جی بێڵین بۆ خەڵکی تر لەناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بۆ سەرمایەی ئەهلی، تەنانەت پێم خۆش نییە ڕۆژنامەشمان هەبێت، ئێستا ئێمە چەند گۆڤارێک دەردەکەین وەکو گۆڤاری کەلتووری و هی ئافرەتان و منالان، من نەمهێشت گۆڤاری سیاسیمان هەبێت، چونکە نامانەوێت ببینە جێگری خەڵکی تر لە دەرکردنی گۆڤاری سیاسیدا، حزب بۆ خۆی ڕۆژنامەی هەیە، ئەهلی بو خۆی با هەیبێت، حکومەت نابێت ببێتە جێگری ئەوان، بەڵام ئێمە وەکو حکومەت هەڵبەت دەنگوباس و چالاکیمان هەیە و دەمانەوێت بڵاویان بکەینەوە، بۆیە ئێستا خەریکین سایتێکی ئەلکترونی بکەینەوە بۆ ئەو هەواڵانە، ئەوە شتێکی باشە هەواڵەکانی حکومەت بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بۆ خەڵک بڵاو بکەینەوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی مانیان گرت، چووومە لایان و لەگەڵیان دانیشتم و پێم وتن کە ئێمە نانی کەس نابڕین و کەس دەرناکەین و مووچەی کەسیش کەم ناکەینەوە وەکو هەندێ دیعایە کرابوو، بۆیە ئیشەکەمان چارەسەر کرد. پێشمان وتن کە ئێمە دەمانەوێت تەلەفزیۆن ڕێک بخەینەوە و بەرنەماکانی چاک بکەینەوە... هەروەها بۆ ڕۆژنامەنووسانیش من یاداشتێکم نووسی و ناردمە ئەنجوومەنی وەزیران، تیایدا داوام کرد کە سزای گرتن لەسەر ڕۆژنامەنووسان هەڵگیرێت. وەکو وڵاتانی پێشکەتووی ئەوروپا ئەگەر ڕۆژنامەنووس لەسەر هەر شتێک درایە دادگا کە پەیوەندی بە کارەکەیەوە هەیە بدرێتە دادگا، بەڵام تەنها غەرامە بکرێت نەک سزای گرتنی بەسەردا بسەپێنرێت. من پێم وایە نابێت ڕۆژنامەنووس لەسەر نووسین و دەربڕینی بیروڕای خۆی بچێتە بەینی دیواری بەندیخانەوە.

**... من یاداشتێکم نووسی و ناردمە ئەنجوومەنی وەزیران، تیایدا داوام کرد کە سزای گرتن لەسەر ڕۆژنامەنووسان هەڵگیرێت...**

هەڵوێستی حکوومەت و بەیاننامەکانی و هەواڵەکانی. دووپاتی دەکەمەوە کە ئێمە نامانەوێت ببینە جێگری خەڵکی تر، ڕۆژنامە ئازادە... تەنانەت من پێم خۆشە ئەو بەڕێوەبەراتیەی ڕاگەیاندنیش هەڵوەشێنینەوە، ئەوە هەڵبەت لە دەسەڵاتی من نییە چونکە لە یاسادا هەیە و دەبێت پەرلەمان بە یاسایەک هەمواری بکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی، بەڵام کە ئێستا هەیە هەوڵمان دا نەختێ چاکی بکەینەوە، وتمان مادام تەلەفزیۆنەکە هەیە با هەوڵ بدەین چاکی بکەینەوە و سەرلەنوێ ڕێکی بخەینەوە، هەندێ کارمەند بە هەڵە لەوە گەیشتن و وایانزانی نانیان دەبڕین و ئەوە بوو مانیان گرت. منیش وتم قەی چی دەکات با مان بگرن. وتم من مافیان دەدەمێ مان بگرن، وتیان تۆ چۆن ڕێگایان دەدەیت و خۆت وەزیریت و ئەوە شتێکی خراپە ڕێگا بدەیت تەنانەت کارمەندی حکومییش فێری مانگرتن بێت، وتم بەڵێ مافیان هەیە، ئەوە ڕەنگە یەکەم جار بێت وەزیرێکی حکوومەت لە کوردستاندا بڵێت کارمەندی حکومی مافی مانگرتنی هەیە، پێم وایە ئەوانە هاووڵاتین، بۆچی ئەو مافەیان لێ زەوت بکەین. بۆیە هەندێ کەسیش پێیان وتم کە تۆ دەتەوێت دەستی ڕۆژنامەنووس واڵا بکەیت لە هەموو شتێکدا و ئیتر تانە و جنێویش بدات سزا نەدرێت، من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئێمە پێویستە بەلانسێکمان هەبێت بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەینە هەندێ کەس تانە و تەشەر لە خەڵکی تر بگرن، لە هەمان کاتیشدا ڕێگای ئازادی لێ نەگرین، من لێرەدا پێم باشە ئەو لایەنەی تانەی لێدەدرێت، جا چ تاک یا کۆمەڵ یا ڕێکخراو یا حزبێک بێت، بەرگری لە خۆی بکات چ بە وەڵامدانەوەی لەسەر ڕۆژنامە تەنانەت لە ڕێگای دادگاشەوە هەقی هەبێت، پێم ئاساییە بۆ ئەوەی ڕێگە بە هەموو کەسێک نەدرێت بە کەیفی خۆی قسە بکات و ئەزیەتی خەڵک بدات، بەڵام داواشم ئەوەیە کە دادگا دەبێت باش لەو حاڵەتانە بکۆڵێتەوە ئەمجا بڕیاری لەسەر بدات. ئێمە پێمان خۆشە کە قەزا لە کوردستاندا سەروەرە و ئازادە بۆیە متمانەی تەواومان پێی هەیە. من لێرەدا وەکو نووسەرێک قسە دەکەم کە خۆشم نووسەرم نەک وەکو وەزیرێک پێم وایە ڕۆژنامەنووس و نووسەر دەبێت ڕێز لە پیشەکەی خۆیان بگرن، لەو

وشانەی دەیاننووسن، ویژدان بە کار بێنن، چونکە نووسین خۆی ویژدانە، نووسین بیرکردنەوەیە، ناتوانیت بە هیچ شێوەیەک بزانیت مرۆڤێک چۆن بیر دەکاتەوە، پرۆسەی بیرکردنەوە پرۆسەیەکی هەمیشەییە، نووسەر ئەگەر بە زمانی شیرین و پاراو بنووسێت با نووسینەکەی ڕەخنەشی تیا بێت، من لەگەڵ ئەوە نیم ڕێگا لە ڕەخنەگرتنی خەڵک بگرین، پێویستە ڕەخنە لە کەموکورییەکان بگیرێت، بەڵام بە زمانێک بێت کە شایستەی نووسەر بێت.

پ. خۆت لە بەغدا بوویت تا ئاستێکی باش شارەزای وەزعی حکوومەتی ئەوێ بوویت، پێت وایە ئێوە بتوانن هەماهەنگییەکی چاک لەگەڵ بەغدا دامەزرێنن بە خزمەتی ڕەوشی کوردستان؟

و. ئێمە لە لایەک هەوڵ دەدین لە ڕێگای وەزارەتی ڕۆشنبیریی عیراقەوە پەیوەندی بە هەندی وڵاتانەوە بکەین. وەزیری ڕۆشنبیریی بەغدا دەعوەتنامەی بۆ ناردووم بۆ سەردانی بەغدا وەکو ئەوەی وەزیری دەوڵەتێکی تر بم، پێم وت حەتمەن سەردانتان دەکەین. ئێمە بەپێی دەستوور سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەت و پەرلەمان ودامودەستگای تایبەتی خۆمان هەیە، ئەوانە هەمووی لە دەستووردا نووسراوەنەتەوە وەکو مافی خۆمان، ماوەتە سەر ئەوەی چۆن ئەو تەنسیقە دروست دەکەین لەنێوان ئێمە و بەغدا، خۆت ئەگەر سەیر بکەیت دابڕانێکی بەرچاو هەیە لەنێوان ئێمە و ئەواندا، بەڵام دابڕانەکەی ئێمە ئیداری نییە بەڵکو بەهۆی وەزعە سیاسی و ئەمنییەکەیەوەیە، وەزعی ئیدارەی بەغدا زۆر خراپە، خەریکە ڕووباری دیجلە سوننە و شیعەکان دابەش بکات، بەغدا وەزعی زۆر خراپە، ئێستا ئێمە تەنها دەتوانین تەنسیق لەسەر ئاستی هەرە بەرزدا بکەین، وەکو سەرۆکی حکوومەتی بەغدا، بەڵام تۆ ئەگەر بتەوێت تەنسیقەکە لەگەڵ بەغدا هەماهەنگ و گشتگری بێت، دەبێت لەسەر ئاستی هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان بێت، ڕۆژانە کارمان بە یەکەوەیە، لەبەرئەوە ئێمە بەغدامان جێ نەهێشتووە بەڵکو وەزعی سیاسی ئێمەی لە یەک دوور خستۆتەوە، ئێمە نامانەوێت لە هەموو شتێکدا پابەندی بەغدا بین، دەبێت پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو وڵاتانی دنیاش هەبێت، دەستووری عیراق بوارێکی یەکجار زۆری داوە بە کوردستان لەو بارەیەوە، دیسان ئێمە نامانەوێت وا بوترێت کە ئێمە نامانەوێت لە ڕێگەی بەغداوە هیچ بکەین، بەپێچەوانەوە ئێمە ئێستا خۆمان لە بەغداین، سەرۆککۆمار و جێگری سەرۆکوەزیران و چەند وەزیرێکمان لە بەغدایە، هاوپەیمانی لە پەرلەمانە، کورد لە بەغدایە، ڕاستە فراکسیۆنی کوردی لە پەرلەمان بە ژمارە کەمە، بەڵام لە وەزنی سیاسی و لە ڕۆڵی سیاسیدا زۆر زۆر بەهێزە. کەواتە ئێمە نەپچڕاوین لە بەغدا.

پ. خۆتان دەزانن خەڵکێکی زۆری ڕۆشنبیر و هونەرمەندی بەتوانای کورد لە دەرەوەی وڵاتن، ئێستا وەزعی سیاسی و ئەمنیی کوردستان هاندەرن بۆ ئاوردانەوە لەوانە، ئایا ئێوە وەکو وەزارەتی ڕۆشنبیری هیچ پەیوەندییەکتان بەو کەسانەوە کردووە و بەرنامەتان چییە لەو بارەیەوە بۆ گێڕانەوەی ئەو توێژە کە ئێستا زۆربەیان شارەزاییەکی باشیان پەیدا کردووە هەر یەک لە بواری خۆیدا؟

و. ئێمە پەیوەندییەکی باشمان لەگەل ڕۆشنبیرانی دەرەوە هەیە، بەڵام ئێمە هێشتا لە قۆناغی سەرەتای ئیشکردنداین دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتوری، ئێمە لەو ئان و ساتەدا ناتوانین بە هەموویان بڵێین وەرنەوە جێگاتان بۆ دەکەینەوە. ئەگەر تۆ ژێرخانەکە نەڕەخسێنیت، ناتوانیت خەڵک بانگ بکەیت بۆ گەڕانەوە. بۆ نموونە تۆ لە بواری شانۆدا بیگرە، ئەگەر نەتوانیت چەند شانۆیەکی مۆدیرینی لەسەر ئاستی دەوڵەتانی دنیا لە شارێکی وەکو هەولێر دروست بکەیت، چۆن دەتوانی بە شانۆکاری کورد لە دەرەوە بڵێیت وەرەوە. ئێمە یەک دوو شانۆمان هەیە هیچیان بەسەر هیچەوە نییە، بۆیە ئێمە تا ژێرخانەکە ئامادە نەکەین، ناتوانین بە خەڵکی خۆمان بڵێین وەرنەوە، ئێستا حکوومەت توانیویەتی هەندێکیان بگەڕێنێتەوە و هەلیان بۆ بڕەخسێنێت، بەڵام هەڵبەت ناتوانیت بۆ هەمووان ئەو هەلە بڕەخسێنێت تا ژێرخانەکە دروست نەکات. لە هەمووی



... ئێمە بەغدامان جێ نەهێشتووە بەڵکو وەزعی سیاسی ئێمەی لە یەک دوور خستۆتەوە، ئێمە نامانەوێت لە هەموو شتێکدا پابەندی بەغدا بین، دەبێت پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو وڵاتانی دنیاش هەبێت...

گرنگتر ئەوەیە کە هەلی کار دروست بکەین بۆ ئەو ڕۆشنبیرانەی لە دەرەوە دەگەڕێنەوە، ئەوان خەڵکی سادە نین پێیان بڵێین وەرە دانیشە ئەوەندە مووچەیەت ئەدەمێ، ڕەنگە واشیان لەگەڵ بکەیت پاش سێ چوار مانگ بێزار دەبن و دەگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی هاتوون. ئێمە نابێت بە خەیاڵ بژین، دەبێت چارەسەری واقیعیانە بدۆزینەوە. ئەوەشت لە بیر نەچێت کە ئەو کەسەی دەیەوێت بگەڕێتەوە چاوەڕێی ئەوە دەکات تۆ هەموو شتێکی بۆ دابین بکەیت. بۆ نموونە خانووی دەوێت، باشە من لە کوێ خانوو بۆ ئەو هەموو خەڵکە پەیدا بکەم! من دەیان گەڕەکی هەژار ماوە لە شارەکانماندا هێشتا سادەترین پێداویستیمان بۆ دابین نەکردوون. من لێرەدا دەبێت خەریکی یەک شت بم، یا ئەوەتا خەریکی ئەو کەسانە بم کە دەیانهێنمەوە وڵاتەکەی خۆیان، یا خەریکی چاککردنی وەزعی میللەتی ناوەوە بم، ڕەنگە خەڵکێک لەو قسەیەشم عاجز بێت، بەڵام من پێم وایە هەوڵی ئەوەمان لە پێشترە کە وەزعی ئەو خەڵکانەی گەڕەکە هەژارەکانمان چاک بکەینەوە، بەڵێ واجیبە دڵی هەموو لایەک ڕاگرین، ڕاستە ئێمە دەتوانین بۆ نموونە دڵی هەزار ڕۆشنبیر ڕازی بکەین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دڵی ٣٠٠ هەزار کەسی ترمان لە گەڕەکە هەژارەکاندا لە خۆمان دەڕەنجێنین. خۆی دەبێت هەوڵ بدەین دڵی هەردوو لا ڕازی بکەین، بەڵام کامیان لە کامیان لەپێشترە، ئەو گەڕەکەی ئاوی خواردنەوە و کارەبای نییە، یا دروستکردنی تەلارێک یا کۆشکێک یا خانوویەک بۆ یەکێک. ئێمە زۆر خۆشحاڵین کە هەندێ لەو ڕۆشنبیرانەی خۆمان لە دەرەوە دێنەوە و لەسەر حیسابی خۆیان بەرهەم پێشکەش دەکەن، کە ئەوە مایەی سەربەرزییە بۆ خۆیان و میللەتەکەیان، ئێمە ئێستا خەریکین ئەو مۆسیقاژەن و هونەرمەندانەی لە دەرەوەن فێستیڤاڵێکی هونەری گەورەیان بۆ ساز بکەین لێرە. بە هۆی سیاسەتی زوڵم و زۆرداری چەند ساڵەی ڕژێمەکان خەڵکێکی زۆر بێ بەش بوونە لە هەموو شتێک، ئێستا لەو وەزعەدا پەلەپەلیانە وەزعییان بۆ چاک بکەینەوە، بۆیە ئێستا هەست بە پاشاگەردانییەک دەکەین، ئێستا شتێکی تازە لەناو کۆمەڵدا پەیدا بووە، ئەویش ئەوەیە: "بە خۆتا بگە!" لەسەر حیسابی

هەرچی بێت، خۆت پێ بگەیەنە، بۆیە دەبینین هەندێ کەس بە ناڕەوا پێدەگات و دەوڵەمەند دەبێت، جگە لەوەش وەکو باوە لە هەموو کۆمەڵێکدا کە لە وەزعێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ وەزعێکی تر توێژێک پەیدا دەبێت، ئەویش توێژی هەلپەرست و ویژدانمردووە، ئێستا لە بەغدا ئەو دیاردەیە زۆر بە ڕوونی بەرچاوە، کۆمەڵەکەسانێک پەیدا بوونە گوێ بە هیچ نادەن، دەبڕن و دەکوژن و تاڵان دەکەن، وەزارەتەکانی بەغدا هەموویان وێران بوون،ئێمە سەرباری ئەو هەموو سەرکوتکردن و زوڵم و زۆر و مەحرومیەتەی خۆمان، وەزعی ئەو وەزارەتانەی بە دەست کوردەوەیە لە بەغدا زۆر باشترن لەوانی تر، هی ئەوان وێران بووە هیچی بەسەر هیچی نەماوە واتە (شارۆ)یە، وەکو لە گەرمیان پێی دەڵێن، واتە یەکێک باخێکی هەیە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ئازاد دەکرێت هەر کەسێک دەچێتە ناوی چی لە دەخوات یا دەیبات. ئێمە ١٥ ساڵ بەر لەوان شارۆ بووین، ئەوان ئێستا وەزارەتەکانیان شارۆن.

پ. کوردستان گیرۆدەی دەستی تیرۆر بووە، وەکو وەزارەت چ بەرنامەیەکتان هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەوژمی تیرۆرە کە ڕووی لە ناوچەکە کردووە؟

و. خودی پرۆسەی ڕۆشنبیری دژی تیرۆرە، وەزارەت خۆی چەندین دامودەستگا بەڕێوە دەبات لە ڕووی ئیدارییەوە، خۆ وەزارەت شیعر و چیرۆک نانووسێت، ئەو هەیکەلێکی ئیدارییە بۆ سەرپەرشتیکردنی بواری ڕۆشنبیری، بەڵام پرۆسەی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی هونەری و ئەدەب خۆی لە خۆیدا دژایەتیکردنی تیرۆرە، ئەوە لە جەوهەردا وایە، بە مەرجێک ئازاد بین. لە لایەکی تریشەوە، ئێمە ڕێگە نادەین چەمکی توندڕەو بێتە ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکانمانەوە. بۆ نموونە ئێمە کاتی خۆی هەوڵمان دا تیپێکی هەڵپەڕکێی کوڕوکچان دروست بکەین، لە مزگەوت و ناوەندە ئایینیەکاندا دژایەتی ئەو هەنگاوە دەکرا و دەیانووت چۆن دەبێت کوڕ و کچ تێکەڵ بن، جا ئێمە کە هەوڵمان دەدا ئەو تیپە دامەزرێت، ئەوە خۆی لە خۆیدا کارێک بوو دژی هەندێ چەمکی توندڕەوی. جگە لەوەش ئێمە زۆرجار لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی ئەوقاف و پەروەرد کۆ دەبینەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو هەنگاوانەی کە ڕێگە خۆش دەکەن لە بەردەم بڵاوکردنەوەی چەمکی لێبووردن و یەکتر قبووڵ کردن وڕێز گرتن لە خواست و ویستی خەڵک و فرەحیزبی و فرەلایەنی لەجیاتی چەمکی تاریکی و توندڕەوی، تەنانەت خودی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێگا نادات جیاوازی ئایینی و مەزهەبی و توندڕەوی بڵاو ببێتەوە. ئەساسی هەموو شتێک پاراستنی ئازادییە، کە تۆ ئازادیت پاراست، واتە ڕێزت لە بیروڕای جیاواز گرت، ڕێگەت گرت لە جیاوازیی ئایینی یا تایەفەگەری و توندوتیژی.. من پێم وایە کۆنسێرتێکی مۆسیقا ساز بدەیت، ئەوا خۆی لە خۆیدا دژایەتی تیرۆرە، چونکە ئەوان حەزیان لە مۆسیقا نییە.

**... دووبارەی دەکەمەوە ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین پایەی دەوڵەتێکی کوردی دامەزرێنین، بۆیە کە ئێستا ئێش دەکەین دەبێت بە گیانێکی تر بێت، بۆ نموونە ئەگەر ویستمان کتێبخانەیەک دروست بکەین، جا ئەگەر بچووکیش بێت، دەبێت حیسابی پەنجا ساڵی دوای ئەمڕۆمانی بۆ بکەین...**

*دیداری دڵشاد عەبدولڕەحمان وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان*

# دڵشاد عەبدولڕەحمان: قبووڵی تایبەتی یاسایی نییە و ئەوەی بیکات بەدەر لە یاسایە

ئامادەکردنی: مەڵبەند

*پ. بەڕێز دڵشاد عەبدولڕەحمان، تۆ وەک کەسێک کە لەم سیستەمی پەروەردە و فێرکردنەدا خوێندوتە، ئایا ئاستەنگ و کەموکوورییەکانی ئەم سیستەمە چین؟ دەکرێت لە چەند خاڵێکدا کۆیان بکەیتەوە؟*

و. دیارە ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی خوێندن لە عیراقدا زۆرن، هەندێکیان خۆیان لە نەبوونی سیستەمێکی پەروەردەی مۆدێرندا دەبیننەوە، هەندێکیشیان بۆ ئاسەواری ئەو سیستەمە دەگەڕێتەوە کە ڕژێمەکانی پێشوو دایانڕشتووە و بۆ خزمەتی ئایدیۆلۆژیای خۆیان، وەکو دانانی نەتەوەی عەرەب بە بەرزترین نەتەوە و ئیسلامیش بە بەرزترین ئایین، جگە لە بڵاوکردنەوەی گیانی عەسکەری و ناوچەگەریێتی، هەروەها نووسینەوەی مێژوو بە ئارەزووی خۆیان. ئەمانە هەموویان ئاستەنگن لە بەرامبەر سیستەمێکی مۆدێرنی پەروەردە کە لە دوای ڕاپەرینەوە بۆ خەڵکی کوردستان ماوەتەوە، وەزارەتەکانی پەروەردە لە هەرێم هەوڵیان داوە چاکسازی لە سیستەمی پەروەردە بکەن، بەڵام بە هۆی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی کوردستانەوە بێگومان ئەو چاکسازییانە سنووردار بوونە، کەواتە دەتوانین بڵێین سیستەمی پەروەردە بە شێوەیەکی گشتی سیستەمێکی کۆنە، ئەوە جگە لە کەمیی ژمارەی قوتابخانەکان، هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا دەگاتە خوێندنی ئامادەیی کە ژمارەیان یەکجار کەمە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی زۆری خوێندکاران. هەندێ قوتابخانەمان هەیە سێ وەجبە زیاتر دەوامی لێدەکرێت، ئەوە خۆی لە خۆیدا ئاستەنگێکە بۆ ئەوەی تۆ نەتوانیت سیستەمی پەروەردە بگۆڕیت، جگە لەوەش ژمارەی قوتابییەکان لەناو پۆلەکاندا، جاری وایە ٥٠ تا ١٠٠ قوتابی لە یەک پۆلدا دەوام دەکەن، ئیدی چۆن مامۆستا دەتوانێت پرۆسەی فێرکردن بگەیەنێتە ئەو ژمارە زۆرەی قوتابییان



دڵشاد عەبدولڕەحمان

لەناو پۆلێکدا. لە وەسائیلی تەعلیمیدا زۆر کەموکوورِیمان هەیە، وای لێهاتووە مامۆستا قسە بکات و قوتابی گوێی لێ نەگرێت، هیچ وەسائیلێکی تەعلیمیمان نییە بۆ ئاسانکردنەوەی وانەکان، هەندێ لە تاقیگەکانی قوتابخانە ئامادەییەکان کراونەتە پۆلی خوێندن، چونکە ژوورەکان بەشی قوتابییان ناکەن، جگە لەوەش توانای مامۆستایانمان، خۆتان دەزانن کە مامۆستایان زیاد لە ١٥ ساڵ لەژێر ئابڵۆقەی زانستیدا بوونە، هەلی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە ئاشنا بن بە سیستەمە پیشکەوتووەکانی پەروەردە لە دونیادا، نە لێرە هیچیان دەست کەوتووە، نە نێردراون بۆ دەرەوە، جگە لە دەرچووانی زانکۆکان، کە ئەوانیش لەژێر ئابڵوقەدا بوون و دوای دەرچوونیشیان کە وەک مامۆستا دێنە ناو قوتابخانەکان، ئەوانیش تاڕادەیەک ئەو ئاشنایەتییەیان نییە بە سیستەمەکانی دونیا، جگە لە کەمیی ژمارەی مامۆستایان کە ئەوە خۆی لە خۆیدا گەورەترین ئاستەنگە. دەبینیت لە قوتابخانەیەکدا دوو سێ مانگ پرۆسەی خوێندن بەڕێوە دەڕوات هەندێکیان مامۆستای ئینگلیزی یا بیرکارییان نییە، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە لە هەموویان گرنگتر کەمیی مووچەی مامۆستایانە، ئێستا دەبینین مامۆستایەک ئیشێکی دەست بکەوێت لە دەرەوەی حکوومەت، واز لە مامۆستایەتی دەهێنیت، ئەمجا کەمیی دەرماڵە. جگە لەوانەش پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی، لەنێوان مامۆستا و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەدا کە زۆرجار ئەو پەیوەندییانە ڕاست و دروست نین، ئەمانە گەورەترین ئاستەنگ و کێشەی بەردەم پرۆسەی فێرکردنن.

*پ. تۆ وەک وەزیری پەروەردە لە یەکەم حکوومەتی یەکگرتوودا، دوای ١٠ ساڵ لە دابڕان و دووکەرتبوون، لە چ ڕوانگەیەکەوە بۆ چاککردن و نۆژەنکردنەوەی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن دەڕوانیت؟*

و. سیستەمی پەروەردەی ئێمە پێویستی بە گۆڕینێکی ڕیشەیی هەیە، کە هەموو ئەو ئەڵقانە دەگریتەوە کە باسمان کردن. ئێمە نابێت دەستەوەستان دانیشین لە ئاست ئەو کێشە گەورانەی هەن، ئێمە ئەگەر بمانەوێت ئاییندەی وڵاتی خۆمان لە ئێستاوە بنیات بنێین، دەبێت سیستەمی

پەروەردە بێنینە سەر ڕێچکەی ڕاستی خۆی، بۆ ئەوەی ئێمەش بگەینە ئاستی پیشکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆژییەکان. ئەوە لە هەمان کاتیشدا ئەساسی ئاییندەی سیاسی و ئابووریشمان بۆ دادەنێت.

دا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا گەشبینم. لەبەرئەوەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد هەموویان لەو واقیعە گەیشتوون کە پێویستی بە گۆڕین هەیە، کەوابێت

پێداویستییەکان، چاککردنی توانای مامۆستاکان و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویان، کردنەوەی خولی بەردەوام، ئەمانە هەمووی تەوەری گفتوگۆی ئێمە دەبێت لەو کۆنگریەدا، بۆ ئەوەی



دلشاد عەبدولڕەحمان (وێنەکان بە کامێرای جەمال پێنجوێنی)

بۆیە ئێستا ئێمە دەستمان بە هەنگاوە سەرەتاییەکان کردووە بۆ گۆڕینی سیستەمی پەروەردە. لە کۆتایی مانگی «ئاب»یش کۆنگرەیەکی پەروەردەیی ڕێک دەخەین، لەو کۆنگرەیەدا سەرجەم شارەزایانی بواری پەروەردە و زانکۆکان، چ لە هەرێم و چ لە عیراقیش، بانگ دەکەین بۆ بەشداریکردن لەگەڵ هەندێ شارەزایانی دەرەوەی وڵاتیش، بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بیروڕامان بکەین لەسەر باشترین چارەسەر بۆ ئەو کیشانە و بردنی ئەو سیستەمە بەرەو ئاقارێکی باشتر.
هەڵبەت ئێمە نکوڵی لەوە ناکەین پێشتر هەندێ هەنگاوی باش نراون لەم پێناوەدا، بەڵام لەم قۆناغەدا ئێمە پێویستیمان بە هەنگاوی گەورەتر هەیە بۆ گۆڕانی ڕیشەیی لە سیستەمی پەروەردەدا. پێمان وایە ئەو پرۆسە گەورەیە بە پینەوپەڕۆ ناچێتە پێشەوە، بۆیە هەنگاوی گەورەمان ئەوێ بۆ پرۆسەکە. من ئەو واقیعە ڕەشەم پێشان

ئێستا قەناعەت دروست بووە کە من داوای پێداویستە مادییەکانی گۆڕینی ئەو سیستەمە بکەم بۆمان ئامادە دەکرێت. پێم وایە ئەگەر ئەو پیداویستییانە دابین نەکرێن بەڕاستی کارەساتە.
جگە لەوەش ئێمە وتوویژ و ڕاوەرگرتنی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک و تەنانەت ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانیش بەردەوام وەردەگرین، چونکە سیستەمی پەروەردە پەیوەندی بە هەموو کەسێک و توێژێکەوە هەیە، هەر لەئێستاوە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە داوامان لە خەڵک کردووە کە ڕا و سەرنجی خۆیانمان بۆ بنێرن، داوامان لێکردوون پێشنیارەکانیانمان بدەنێ بۆ گۆڕینی ئەو واقیعەی ئێستا.
وەک وتم لە کۆتایی مانگی ئابدا کۆنگرە دەبەستین، لەوێ چاو بە هەموو ئەڵقەکانی پرۆسەکەدا دەگێڕینەوە، لەوانەش پرۆگرامەکانی خوێندن، شێوازی وانەوتنەوە، هۆیەکانی فێرکردن، شێوازی تاقیکردنەوەکان، هەموو

ببێتە دەستپێکی پرۆسەیەکی گشتگر بۆ بەرەوپیشەوەبردنی سیستەمی خوێندن.

*پ. عیراق ـ هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لەم وڵاتە ـ لە ساڵی ١٩٥٨ تا ٢٠٠٣ لەژێر حوکمی دیکتاتۆریەتی عەسکەریدا بوو، لە هەرێمی کوردستانیشدا زیاد لە ٣٠ ساڵ شەڕی خۆکوژی، یان (براکوژی)، درێژەی هەبووە، ئەمانە بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە مێژووی ئێمە و کاریگەریی خۆیان لەسەر گشت بوارەکانی ژیان و بەتایبەتی لەسەر سیستەمی پەروەردە و فێرکردن داناوە.*
*تۆ وەک وەزیری پەروەردە، ئەگەرچی ماوەی دەستبەکاربوونتان لە ٣ مانگ تێپەڕ نەبووە و ماوەی کارکردنی کابینەی پێنجەمی حکوومەتیش هەروەها، چ پلان و بەرنامەیەکتان وەک هەنگاوی سەرەتا بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو کاریگەرییە لە بواری پەروەردەدا هەیە؟*

و. ئێمە ئەگەر بمانەوێت نەوەی داهاتووی خۆمان دروست بکەین بە شێوەیەک بتوانێت ئەرکی قۆناغەکانی داهاتوو بە ئەستۆوە بگرێت بۆ بنیاتنانی کۆمەڵێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو و دیموکراتی، دەبێت لە گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردنەوە دەست پێ بکەین، چونکە ئەو سیستەمە پەیوەندی تەواوی بە مەسەلەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵەوە هەیە و وەکو مافی مرۆڤ، ئازادییەکانی تاکەکەس و کۆمەڵ و...هتد.

بۆ ئەوەی بتوانین نەوەیەکی ئاوا دروست بکەین کە ڕێز لە ئازادییەکان و جیاوازیی ئایینی و مەزهەبی بگرێت، ئەمانە پێویستن کە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا هەبن، هەرچی ئەو بیر و چەمکانەی لەناو کتێبەکانی فێرکردندا هەن کە بەو ئاراستەیە ناڕۆن دەبێت بگۆڕین و لا ببرێن، واتە ناکرێت دژایەتی لەناو پرۆگرامەکانماندا هەبێت، بۆ نموونە ئێمە کاتێک بە شێوەیەکی زانستییانە باس لە بارانبارین دەکەین و قوتابی فێر دەکەین کە سیستەمی بارانبارین لە ئاوی سەر زەوی و دواییش بوونی بە هەڵم و چوونی بە ئاسمانەوە دروست دەبێت، لە هەمان کاتیشدا پێی بڵێین، باران هەر لە خۆیەوە دەبارێت، یان بڵێین بە بووکەبەبارانەوە دەبارێت. ئەوە دوو چەمکی جیاوازن.

لە پەروەردەکردنی ئاییندا، ئێمە لەجیاتی ئەوەی منداڵەکانمان بە گیانی تۆڵەسەندنەوە و توندوتیژی پەروەردە بکەین و وا بکەین کە ئایینەکەی خۆی لە سەرووی هەموو ئایینێکەوە بزانێت، دەبێت لەناو کتێبە پیرۆزە ئایینەکاندا ئەو شتانە هەڵبژێرین کە گیانی لێبووردن و قبووڵکردنی یەکتر قووڵ دەکەنەوە. نەک تەنیا ئەو چەمکانەی باسی شمشێر و کوشتن و برین و تۆڵەسەندنەوە دەکەن. لەبەرئەوە پێویستە زۆر هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندندا بکەین، بۆ ئەوەی نەوەیەکی ڕاست و دروست پەروەردە بکەین، چونکە ئەگەر ئەو نەوەیەی داهاتوومان بەو شێوەیە پەروەردە نەکەین، هەڵبەت ئاییندەی گەلەکەشمان بە ئاقارێکی دژە دیموکراسیدا دەڕوات. بۆیە ئەو فەلسەفە پەروەردەییەی کە ئێمە ئیشی لەسەر دەکەین دەبێت تەعبیر لەو دروشمانە بکات کە حزبەکانی کوردستان ئەوانەی حکوومەتی هەرێمیان پێک هێناوە، وەکو ئاشتی و ئازادی و مافی مرۆڤ و دیموکراسی، ئەم دروشمانە دەبێت دروشمی وەزارەتی پەروەردەش بن.

جا ئێمە پێمان وایە ئەو دروشمانە نەک هەر لە کتێبەکانی خوێندندا، بەڵکو لە مامەڵەی ڕۆژانەشماندا ڕەنگ بدەنەوە، کە دەڵێین دیموکراسی دەبێت ببێتە چەمکێکی سەرەکی لە مامەڵەکردنی وەزارەت لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکاندا و ئەوانیش لەگەڵ مامۆستایاندا و مامۆستایانیش لەگەڵ قوتابییاندا، نەک پەیوەندی و مامەڵەی دیکتاتۆرییانە، کە دەڵێین ئازادی، واتە دەبێت ئازادی فەراهەم بکەین بۆ هەموو مامۆستایان بۆ ئەوەی ڕای خۆیان ئازادانە دەرببڕن و ڕەخنە بگرن و داوای مافی خۆیان بکەن، مامۆستا نەترسێت لەبەرئەوەی داوای مافی خۆی دەکات لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە، ئیدی بگوێزرێتەوە لەم دێ بۆ ئەم دێ. دەبێت ئازادی بە فیعلی پیادە بکەین نەک تەنیا بە دروشمی بریقەدار، لەبەرئەوە پێویستە ئەو چەمکانە نەک تەنیا لە کتێبەکانماندا باس بکەین، بەڵکو لە ژیانی ڕۆژانەشماندا پابەندی بین. دەبێت لە مەکتەبەکانماندا لەناو مامۆستایان و قوتابییاندا وا بکەین بیروباوەڕی پتەویان بە ئاشتی هەبێت و بە چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە، نەک ململانێ و توندوتیژی. خۆتان دەزانن دنیای دیموکراسی پێویستی بە شەفافیەتە و نابێت نووسینگەی نهێنی لە فەرمانگەکانی وەزارەتی پەروەردەدا هەبێت، دەبێت شەفافیەتی تەواو هەبێت، هەم لە ڕووی ئیداری و هەم لە ڕووی دارایی و ئیشەکانی ترەوە. ئێمە دەبێت ئەو دیوارانە بڕوخێنین کە پێشتر هەبوو لەنێوان وەزارەتەکان و فەرمانگەکان و لەنێوان ئەوان وهاووڵاتیاندا. جگە لەوەش ئێمە دەبێت بەردەوام هەڵسەنگاندنی تواناکانمان هەبێت، بۆ نموونە مەرج نییە مامۆستایەک باش بێت ئیدی هەتاهەتایە هەر وا بمێنێتەوە، هەروەها بەڕێوەبەری قوتابخانەکانیش بە هەمان شێوە، ئێمە دەبێت ئەو مامۆستایەی باش بێت پاداشتی بکەین و ئەوەی خراپیشە سەرنجی ڕابکێشین، ئەمە بەگشتی زۆر پێویستە و ناتوانین موجامەلەی لەسەر بکەین، بەتایبەتیش لە وەزارەتی پەروەردەدا.



**... دەبێت ئازادی بە فیعلی پیادە بکەین، نەک تەنیا بە دروشمی بریقەدار...**

*پ. لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەبێت دوو توخمەکەی مرۆڤ، مێ و نێر، لە ئەرک و بەرپرسیارێتی و مافدا، یەکسان و بەرابەر بن، بۆ بە کردەوە پیشاندانی ئەو ڕاستییەی سەرەوە، نیازت هەیە وەک وەزیری پەروەردە، پێشنیار بۆ پەرلەمانی کوردستان بکەیت تا بڕیاری ئەوە بدات، بەپێی یاسا، لە گشت*

*قۆناغەکانی خوێندندا، کچ و کوڕ تێکەڵ بن؟*

و. کچ و کوڕ لە مناڵییەوە تێکەڵ بن، لە کۆڵان، لە ئاهەنگەکان، لە لادێ، بەلامەوە سەیرە گەر بڵێیت تێکەڵ نەبن، هەموومان دەزانین قوتابخانەمان هەیە لە لادێکان کچ و کوڕ تێکەڵن هەر لە سەرەتاییەوە تا ناوەندییش، ئەو تێکەڵاوییەش بە حوکمی ئەوەیە کە قوتابخانەی پێویست نییە بەشی هەموویان بکات. تۆش سەیری ئەنجامەکەی بکە کە پۆزەتیڤە. ئێمە هەموومان کچ و کوڕمان هەن، خۆشمان دەیانبینین لە زۆر موناسەباتدا تێکەڵن، لە ئاهەنگەکاندا، لە بۆنەکاندا، پێم وایە دابڕانیان لە قوتابخانەدا نەشازە. ئیدی ئەو قوتابییانە کە دەچنە زانکۆ جارێکی تر تێکەڵ دەبنەوە، جاران لە سالانی حەفتاکاندا، چونکە ئامادەییە بارزگانییەکان کەم بوون لەوێش کچ و کوڕ تێکەڵ بوون. ئەوکات کۆمەڵ موحافیزتریش بوو لەوەی ئێستا. ئەم جیاکردنەوەیەی ئێستا هەیە من بە نەشازی دەزانم. ئێمە بە بڕیارێکی وەزاری ناتوانین بڵێین کچ و کوڕ لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا تێکەڵاو بن، بەلام دەتوانین لە کۆبوونەوەی دایکان و باوکاندا تێیان بگەیەنین کە تێکەڵکردنیان لە خزمەتی پرۆسەی خوێندن و کۆمەڵدایە، ئەوەش دەبێتە شێوازی باش بۆ دروستکردنی نەوەیەکی ڕاست و دروست.

*پ. ئەی ئێوە حیساب بۆ لایەنە ئیسلامییەکان ناکەن لە کاتی هەوڵدانتان بۆ ئەم مەبەستە؟*

و. بەڵێ ئێمە ڕێزیان لێدەگرین، بەلام دەبێت ئەوانیش ڕێز لە ڕای زۆرینە بگرن. ئەوان مافی خۆیان هەیە ڕای خۆیان هەبێت، ئێمەش هەر وا. بۆ ئاگاداریتان ئەگەر ئەو پرۆسەیە سەریش بگرێت خۆ لە پڕ نابێت، بەڵکو هەنگاو بە هەنگاو دەبێت. بۆ نموونە ئێمە پێمان باشە دایک و باوک ئازاد بن لەوەی مناڵەکەیان دەنێرنە قوتابخانەی تێکەڵاو یا هی تر. ئێمە نامانەوێت بە بڕیارێکی سەروو ئەو شتە فەرز بکەین، بەلام دەتوانین قوتابخانەی نموونەیی بکەینەوە خەڵک ئازاد بێت، با دایک و باوک ئازاد بن مناڵەکانیان دەنێرنە کام قوتابخانە بۆ خوێندن.

*پ. بەلام تائێستا کۆمەڵی ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی هۆشیاری کە پێی ئاسایی بێت کچ و کوڕ تێکەڵ بن، بەتایبەتیش لە قۆناغی ناوەندیدا کە تەمەنێکی نەختێ خەتەرناکە بۆ هەردووکیان؟*

و. پێم وتیت کە ئێستا هەندێ قوتابخانە هەن تێکەڵاون، وەکو قوتابخانە نموونەییەکان لە هەولێر و سلێمانی. وەک ڕۆژنامەنووسێک پێم خۆشە بچیت سەیریان بکەیت، لەوانەیە مناڵی خێزانی زۆر موحافیزکاریشیان تێدا بێت، بۆ بە لای هەندێ کەسەوە ئاساییە

*ئەگەر وەڵام بە(نەء) دەدەیتەوە، دەکرێت بزانین بۆ؟ خۆ ئەو شێوەیە لە سەنتراڵیزم کەم دەکاتەوە، نەمانی سەنتراڵیەتیش ئامانجی سەرەکیی فیدراڵیزمە.*

و. ئێمە لەڕاستیدا نامانەوێت هەرچی ئەزموونی دنیا هەیە بهێنین لێرە جێبەجێی بکەین، ئێمە ناتوانین ئەزموونێک بهێنین و ئەگەر سەرکەوت بڵێین باشە و ئەگەر نا بیینەوە خوارەوە. ئێمە نامانەوێت شتێکمان کرد دوایی بڵێین هەڵەمان کرد

**... دەبێت لەناو کتێبە پیرۆزە ئایینەکاندا ئەو شتانە هەڵبژێرین کە گیانی لێبووردن و قبووڵکردنی یەکتر قووڵ دەکەنەوە. نەک تەنیا ئەو چەمکانەی باسی شمشێر و کوشتن و بڕین و تۆڵەسەندنەوە دەکەن...**

مناڵەکەی بنێرێتە قوتابخانەیەکی نموونەیی بۆ ئەوەی دەرەجەی باش بهێنێت و ئاستی خوێندنی بەرزتر بێت، بۆ بۆ قوتابخانەکانی تر ئاسایی نەبێت! من پێم وایە تێکەڵنەکردنی کوڕ و کچ هۆکارێکە بۆ دروستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی، نەک خۆی کێشە بێت. من پێشم وایە ئەگەر بمانەوێت پرۆسەی تێکەڵاوکردنەکە لە وەزارەتی پەروەردە سەر بگرێت، دەبێت وەزارەتەکانی تریش و ڕێکخراوەکانی تریش بێنە ناو ئەو پرۆسەیەوە.

*پ. یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی دیموکراسی و مۆدێرن (فێرگەی ئۆتۆنۆمە)، مەبەست لە فێرگەی ئۆتۆنۆم ئەو فێرگەیەیە کە وەزارەتی پەروەردە، بەپێی ژمارەی قوتابی و خوێندکارەکانی، بودجە بۆ هەر فێرگەیەک دادەنێت، ئیدی گشت خەرج و پێداویستیی فێرگەکە بە مووچەی مامۆستاکانیشەوە، هەر لەو بودجەیە دەبێت. خەرجکردنی بودجەش لەلایەن (ڕابەرایەتیی فێرگە = بەڕێوەبەر، مامۆستاکان، ئەنجوومەنی خوێندکاران- مەبەست یەکێتیی قوتابیان و کۆمەڵەی خوێندکاران نییە- بە هاوکاریی نوێنەرانی ئەنجوومەنی باوان) بودجەکە خەرج دەکەن. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، تۆ نیازت نییە، ئەگەر بۆ تاقیکردنەوەش بێت، لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندندا، ڕێگە بە چەند خوێندنگایەک بدەیت تا ئەم ئەزموونە پیادە بکەن؟*

وەرن با سەرلەنوێ دەست پێ بکەینەوە. من ئاگادارم لەم ئەزموونەدا بەڕێوەبەری قوتابخانە بودجەی خۆی هەیە، هەر ئەویش مامۆستا دادەمەزرێنێت، بەپێی ئەو سیستەمە هەر قوتابییەک ٦٠٠٠ دۆلار ساڵانە دەدات بە قوتابخانەکە، ئەمجا بەڕێوەبەرەکە حیسابی لە بانک دەکاتەوە، بە پارەی قوتابییانە مامۆستا دادەمەزرێنێت و خواردن دەکڕێت و هۆیەکانی فێرکردن و مەسروفاتی تری مەکتەبەکە دەکات. بەلام ئایا ئەو پرۆسەیە لێرە سەر دەگرێت، بێگومان ناتوانین. بەلام ئەوەش مانای ئەوە نییە کە بیر لەو مەسەلەیە نەکەینەوە، من دەڵێم هەنگاوی بۆ دەنێین بەلام وردە وردە. بۆ نموونە ئێمە ئێستا هەوڵ دەدەین قوتابخانەکان وردە وردە دەسەلاتەکانیان بۆ بگەڕێنینەوە، هەموو شتێ لە دەست بەڕێوەبەری پەروەردەدا نەبێت. وەزیر چ پەیوەندی بەوە هەیە مامۆستایەک یا فەڕاشێک لە فلانە قوتابخانە بگوازیتەوە فلانە قوتابخانە، زۆرجار ئەو شتانە دێنە لای من، وەزیری پەروەردە ئەرکی داڕشتنی سیاسەتی پەروەردە و فەلسەفەی پەروەردە و هێڵە ستراتیژییەکانی پەروەردەیە، نەک گواستنەوەی ئەم و ئەو. ئیشی من ئەوەیە قوتابی لە قوتابخانە چی فێر دەکەن، من دەبێت لە مامۆستا بپرسم بزانم ئەو قوتابییە چی فێر بووە، ئەگەر نەیزانی ئەوکات مامۆستاکە یا بەڕێوەبەرەکە موحاسەبە دەکەم. کێشەی ناو قوتابخانەکان

دەبێت بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانە خۆیان چارەسەری بکەن، ئەوە نە ئیشی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەیە نە هی وەزارەت، ئیدی کاتێک ئەو کەسایەتییە گەڕایەوە قوتابخانەکان،



**... من پێم وایە کەسایەتیی مرۆڤ بە بڕوانامە نییە، کەسایەتی مرۆڤ پەیوەستە بەو خزمەتەی پێشکەش بە وڵاتەکەی خۆی دەکات...**

بێگومان ئەوە هەنگاوێکی باشە، ئێمە پێویستە هەوڵی چاککردنی ئەو لایەنانە بدەین، بۆ نموونە ئەگەر ڕێژەی دەرچوون گریمان لە مەکتەبیکدا ٣٠٪ بوو، بەڵام لە تاقیکردنەوەکاندا ١٥٪ بوو، پێم وایە دەبێت بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە بگۆڕرێت. هەروەها بۆ نموونە ئەگەر بەڕێوەبەری پەروەردە لە سنووری قەزایەک یا شارێک ڕێژەی دەرچوونی قوتابخانەکانی ١٥٪ دەبێت ئەو بەڕێوەبەری پەروەردەیە بگۆڕرێت. بەپێچەوانەوەش کاتێ ئەنجامیان باش بوو پێویستە بەڕێوەبەرەکان پاداشت بکرێن.

*پ. کاک دڵشاد دەبێت ئەوەش لەبەر چاو بگرن کە پرۆسەکە لەوانەیە خۆی لە خۆیدا سەقەت و خواروخێچ بێت، کەواتە هەموو جارێ مەرج نییە بەڕێوەبەری قوتابخانە مەسوولیەتەکە بکەوێتە ئەستۆی؟*

و. بەڵێ وایە، بەڵام بۆ نموونە ئەگەر لە گەڕەکێکدا دوو قوتابخانە هەبوون، هەموو شتەکانیان وەکو یەک بوو، کارەبای هەردووکیان نەبوو، کێشەکان وەکو یەک بوون، بەڵام لەو قوتابخانەیە ڕێژەی دەرچوون ٣٠٪ بوو و لەوی تر ١٥٪ لێرە دەبێت بپرسین بۆ؟ من مەبەستم ئەوەیە کە ئەو ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبەرەکە، کە یەکێکیان پەیوەندی لەگەڵ مامۆستایان و قوتابییان باشە و هەوڵ دەدات ئاستی قوتابییەکان باشتر بێت، ئەوی تریش ئەو هەوڵە نادات.

*پ. باسی سەنترال هاتە ئاراوە، با باسێکی(قبوول مەرکەزی) بکەین. وەک ئێمە دەیزانین، بەڕێزت، هەوڵی نەهێشتنی (قبوول مەرکەزی) دەدەیت. ئایا هەوڵەکەت بە کوێ گەیشتووە؟ ئومێدت هەیە سەر بگرێت؟*

و. من ناموەیت سیستەمی قبوول مەرکەزی بەیەکجاری هەڵوەشێتەوە، ئەو سیستەمە، سیستەمێکە داڕێژراوە لەسەر بنەمای زانستی کومپیوتەر بۆ دابەشکردنی قوتابییان، بەپێی ئەو سیستەمە تۆ خۆت (داتا)یەک ، واتە کۆمەڵێ زانیاری دەدیتە کۆمپیۆتەر و پێی دەڵێیت کۆمپیوتەر من ئەوەم لە تۆ ئەوێت. جا هەڵەکە لە سیستەمی قبوول مەرکەزییەکەدا نییە، بەڵکو هەڵەکە لەو داتایەدایە کە ئێمە دەیدەینێ، ئەو داتایە پێویستی بە پێداچوونەوە و گۆڕین هەیە، ئەگینا ئێمە پێویستمان هەر بە سیستەمێک هەیە ئەو هەزاران هەزار قوتابییانەمان بۆ دابەش بکات بەسەر زانکۆ و پەیمانگەکاندا، ئەو سیستەمە تاکە ئالیەتێکە کە عەدالەت بپارێزێت. سیستەمەکە کەموکووڕی نییە، بەڵام پێویستە داتاکان بگۆڕین. بۆ نموونە، قوتابییەک حەزی لێیە بچێتە کۆلێژی پزیشکی، ئێمە پێوەرمان داناوە کە دەبێت ئەو قوتابییە لە هەموو دەرسەکاندا زۆرترین دەرەجەی هێنا، با بچێتە کۆلێژی پزیشکی. جا کێشەکەمان لێرەدایە کە دەبێت ئەو پێوەرە چارەسەر بکەین، ئایا بۆ چوونە کۆلێژی پزیشکی ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە لە هەموو دەرسەکاندا دەرەجەی باش بێت. دیسان بۆ نموونە بۆ کۆلیژی ئەندازیاری ئایا پێویستە قوتابی دەرەجەی باشی لە دەرسی کیمیادا هەبێت! وەکو وتم ئەو داتایانەیە کە دەبێت هەوڵی چاککردنەوە و تازەکردنەوەیان بدەین. بۆ نموونە بۆ کۆلیژی ئەندازیاری دەبێت ئێمە بە کۆمپیوتەرەکە بڵێین ئەی کۆمپیوتەر ئەو قوتابییەم بۆ دانێ لەسەر ئەساسی دەرەجەی باش لە دەرسەکانی ڕیازیات و کیمیا و فیزیا و زمانی ئینگلیزی کە ئەمڕۆ زمانێکی جیهانییە. ئێمە دەبێت پێی بڵێین ئەو چوار دەرسەم بۆ دانێ نەک ئەوانی تر. دیسان بۆ نموونە قوتابییەک لە ئینگلیزیدا دەرەجەی ١٠٠ هێناوە و لە زمانی کوردیدا ٩٠ هێناوە، بەڵام لە فیزیا و ریازیاتدا ٥٠ هێناوە، ئەو قوتابییە کە ١٠٠ هێناوە لە زماندا کەواتە حەزی لە زمانە، ئیدی بۆچی بیبەشی بکەم لە خوێندنی زمان. بۆیە دەڵێم پێویستیمان بە ڕاستکردنەوەی ئەو سیستەمە هەیە، ئەگەر ئێمە ئەوەمان کرد وەکو هەموو سیستەمێکی دنیا ڕێگای ڕاستی خۆی دەگرێت. ئێمە ناڵێین سیستەمەکە هەڵوەشێنینەوە، بەڵکو دەڵێین بنەماکانی وەرگرتن بگۆڕین، وەکو هەموو دنیا. دەبێت قوتابییەکان وا لێ بکەین حەزیان بچێتە بەر خوێندن نەک وەکو ئێستا کە لە خەو هەڵیدەستێنیت وا دەزانێت بە زۆر دەینێریتە خوێندن.

*پ. ئاشکرایە، سیستەمی (قبوول مەرکەزی) و (قبوڵی تایبەتی) گورزی کوشندەن و لە بازاڕی کار دەدرێن، چونکە هێزی کار بەگوێرەی پێداویستیی بازاڕ ئامادە ناکەن، بەڵکو*

*بەپێی بەرزی و نزمیی نمرەی کۆتایی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریایە. هەر لەم ڕوانگەیەوە، ئایا وەزارەتی پەروەردە، هیچ هاوکاری و هاوپلانییەکی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەدا، وەک وەزارەتی پلاندانان، پیشەسازی و ئەوانی دیکەدا، بۆ پێکردنەوەی پێداویستییەکانی بازاڕی کار هەیە؟*

و. قبوولی تایبەتی یاسایی نییە و ئەوەی بیکات بەدەر لە یاسایە و ئێمە دەڵێین یاسا لە سەرووی هەموومانەوەیە، بۆیە پێویست بە قبوولی تایبەتی ناکات. دەبێت هەموو قبوولکردنێک لە چوارچێوەی یاسادا بێت. بۆ بەشەکەی تری پرسیارەکەتان ئێمە کەموکوڕییمان زۆرە. بۆ نموونە لێرە هەموو خوێندنێکی سەرەتایی دەبێت بە چوونە قۆناغی ناوەندی تەواو بێت، ئەوی ناوەندیش بەرەو ئامادەیی و لەوێشەوە بۆ زانکۆ، لێرەدا ئێمە پێویستیمان بە گۆڕینی ئەو بیروبۆچوونە هەیە، لە دنیای دەرەوەدا هەر سیستەمێک بێتە پێش کۆمەڵی بیربۆچوونی خەڵکیش دەگۆڕێن. لای ئێمەش هەندێ بیر و بۆچوون هەن دەبێت بگۆڕرێن، من پێم وایە کەسایەتیی مرۆڤ بە بڕوانامە نییە، کەسایەتی مرۆڤ پەیوەستە بەو خزمەتەی پێشکەش بە وڵاتەکەی خۆی دەکات. بۆ نموونە یەکێک بێتە داخوازیی کچەکەت لێی دەپرسی بڕوانامەکەی چییە؟ زۆر کەس هەیە دەزانێت ئەگەر بچێتە ئامادەیی بازرگانی سەرکەوتوو دەبێت، خۆشی دەزانێت دەرەقەتی ئامادەیی زانستی نایەت، لە کیمیا و فیزیادا سەر ناکەوێت، بەڵام دایک و باوکی بە زۆر پاڵی پێوە دەنێن، تۆ دەبێت بچیتە زانکۆ. دایدەنێن شەو و ڕۆژ بخوێنێت تا نمرەی کۆلێژ بهێنێت. ئەمانە دەبنە هۆ لە هۆیەکانی نزمیی ئاستی دەرچووان لە تاقیکردنەوەکاندا. ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە ئاستی خوێندنی هەموو منداڵێک وەکو یەک نییە، نابێت زۆر لەو منداڵانەمان بکەین، حەزی لە پیشەسازییە با بچێتە ئەوێ، هەر یەکە و حەزی لە شتێکە، ئەوەش زۆرجار کار دەکاتە سەر بازاڕی کار، زۆر قوتابی هەن دەردەچن، بازاڕ پێویستی پێیان نییە، پێم وایە ئەوە پەیوەندی بە کۆمەڵێ شتی تریشەوە هەیە، بۆ نموونە دەبێت یاسایەکی تازەی کار دەربچێت بڵێت هەر کەسێک ویستی دارتاشخانەیەک دابنێت و مۆڵەت وەربگرێت، دەبێت یەکێکی دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی ئیشی لەگەڵدا بکات، ئەگینا مۆڵەتی پێ نەدرێت، لێرە هەم ئەو دەرچوانەی ئامادەیی پیشەسازییەکان هەلی کاریان بۆ دروست دەبێت، هەم بڕوانامەکشی بۆ ئیشەکە سوودی دەبێت، ئەو کاتەش دایک و باوک بە کوڕەکانیان ناڵێن بڕۆ ببە بە شاگرد، بەڵکو دەڵێن بڕۆ بخوێنە بۆ ئەوەی ببیتە خاوەن بڕوانامەی زانستی. لە لایەکی ترەوە ئێمە دەبێت باسی کەرتی تایبەتیش بکەین، ئەگەر ئەو هەموو خەڵکە ڕوویان لە کۆلیژەکان کرد، ئەی ئەو کەرتە کادیرە پیشەییەکانی لە کوێ بهێنێت، پێویستی بە ئاسنگەرە بە دارتاشە. کەواتە دەبێت وردە وردە یاساکانمان بەو شێوەیە کە قوتابی ڕۆژ نا ڕۆژێ تاقیکردنەوە ئەنجام دەدات، بۆی بکەینە هەفتەی دوو جار. هیچ پێویست ناکات ئەو هەموو فشارە بخەینە سەر قوتابییەکە و دایک و باوکی بە دیارییەوە بن. لە ساڵی ئاییندەوە تاقیکردنەوەکانمان بەم شێوەیە دەکەین. بۆ ئەوەی ئەو فشارە دەروونییە گەورەیە نەخەینە سەر قوتابی.

*پ. ئاشکرایە لە کۆمەڵی مەدەنیدا، ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان دەبنە پشتیوانی دەوڵەت و لە زۆر بواردا هاوکاریی دەوڵەت دەکەن. لە کوردستانیشدا چەند ڕێکخراو و کۆمەڵە و تاکەکەسیش هەن لەکاردان و هەوڵ دەدەن و بەپەرۆشن بۆ باشترکردنی*

**... ئەگەر بمانەوێت نەوەی داهاتووی خۆمان دروست بکەین بە شێوەیەک بتوانێت ئەرکی قۆناغەکانی داهاتوو بە ئەستۆوە بگرێت بۆ بنیاتنانی کۆمەڵێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو و دیموکراتی، دەبێت لە گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردنەوە دەست پێ بکەین...**

*سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا، تۆ وەک وەزیری پەروەردە تا چەند ئاگاداری چالاکیی ئەو ڕێکخراو و تاکەکەسانەیت؟ ڕێکخراوێک هەیە بە ناوی (کۆمەک) هەنگاوی باشی لەو بوارەدا بەکردەوە ناوە، چەند پرۆژەیەکیان لە کوردستاندا پیادە کردووە و چەند کتێبیان لەو بوارەدا بۆ کوردی تەرجومە کردووە و پێشتر لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی (سلێمانی) هاوکارییان هەبووە. تۆ تا چەند ئاگاداری کار و چالاکییەکانیانی و ئایا دەکرێت لەگەڵ ئێوەدا ببنە هاوکار؟*

و. بێگومان پەیوەندیمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی یوئێن و بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکانی مەدەنی هەیە، هاوکاریمان دەکەن. من لێرەدا دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە پەیوەندیمان زۆر باشە لەگەڵ هەندێ ڕێکخراوی یوئێن و هاوکاریی باشمان دەکەن لە هەموو بوارەکاندا، بۆ ئەوانی تریش وەکو ڕێکخراوە مەدەنییەکانی تر پێمان خۆشە هاوکارمان بن بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژەیەی بە دەستمانەوەیە بۆ گۆڕینی سیستەمی پەروەردە کە خێری بۆ هەموومان دەبێت.

بگۆڕین کە سیستەمەکە بەگشتی بەرەو ئاقارێکی باشتر ببات.

*پ. ناکرێت لە هەنگاوی یەکەمدا تاقیکردنەوە لە قۆناغی سەرەتاییدا لا ببەن و لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەییدا لەبری تاقیکردنەوەی کۆتایی، بەکالۆریا، کۆکردنەوەی خاڵ (نوقات) بێت، واتا کۆی سەعاتەکانی خوێندنی لە وانەیەکی دیاریکراودا و لە قۆناغێکدا، بۆ کۆ بکەنەوە؟*

*ئاشکرایە بە هیچ جۆرێک ڕەوا نییە داهاتووی کەسێک پەیوەست بێت بە ماوەی دوو هەفتەی کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی قۆناغەکەوە.*

*(هەریەکە لە مامۆستا هۆمەر قەرەداغی و مامۆستا جەمال عەبدول، ڕەخنەی خۆیان لەو شێوازی تاقیکردنەوەیە، لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و هەفتەنامەی ئاوێنەدا، گرتووە و بە بەرەی جەنگ ناوزەدیان کردووە.)*

و. ئەو شێوازەش پێویستی بە گۆڕان هەیە،بەڵام چۆن؟ ئێمە ئەو مەسەلەیە لە کۆنگرەکەی ساڵانەماندا باس دەکەین، بەڵام وەکو هەنگاوی یەکەم، ئێمە دەتوانین لەجیاتی ئەو سیستەمەی ئێستا